# گۆران
## شاعیری سروشت و جوانی

**ئەدیبە عوسمان**



گۆران ناوی (عەبدوڵڵا کوڕی سلێمان بەگ کوڕی عەبدوڵڵا بەگ)ە، باوکی بە سلێمان بەگی کاتب فارسی ناوبانگی دەرکردووە، لە ساڵی ١٩٠٤ لە شاری هەڵەبجە لەدایکبووە، لە عەشیرەتی جافن، خوێندنی بەرایی لای باوکی بووە، لە دواییدا لە حوجرەی مزگەوتی پاشا بووە لە هەڵەبجە تا قۆناغی فەقێیەتی پاشان بەرنامەکانی حوجرەی مزگەوتی تەواو کردووە.

هەروەها گۆران دوو برای هەبوون، بە ناوەکانی (عەلی و محەمەد) لەگەڵ خوشکێک بە ناوی (شەمسە)، (عەلی و شەمسە) بە گەنجی مردوون، ساڵی ١٩١٩ کاتێک گۆران لە بەهاری ژیاندا بووە باوکی کۆچی دوایی دەکات و بەجێیان دەهێڵێت، حەمە بەگی کاکی دەبێتە گەورەی خێزانەکەیان و لە ساڵی ١٩٢١ گۆران دەخاتە (مەدرەسەی عیلمی)ەوە لە کەرکوک لە هەمان ساڵدا (حەمە بەگ)ی کاکی دەکوژرێت و گۆرانیش ناچار دەست لە خوێندن دەشوات و دەگەڕێتەوە بۆ هەڵەبجە.

لەو ماوەیەدا ئاسۆی هیوای ڕەش دادەگەڕێت، هەژاری و بێکەسی تەنگی پێهەڵدەچنن. لە ڕووناکی خوێندن دوور دەکەوێتەوە و بە تەنها دایکی دەمێنێتەوە پشێوی وڵات و قات و قڕی و گرانی و پاشەلەقەی شەڕی یەکەمی جیهانی و داگیرکردنی ناوچەکە

لەلایەن ئینگلیزەکانەوە و تالان و برۆی داگیرکەران و ئاوارەبوونی بە شاخەکانی هەورامانەوە دوای ماوەیەک مردنی دایکی و هەموو ئەمانە دەبنە هەوێنی رسکاندنی ئەو خەمە قوڵەی لە ناخی دەروونی شاعیردا، لەبەرئەوە گۆران دەست لە خوێندن هەڵدەگرێت لە ساڵی ١٩٢٢-١٩٢٥ گەلێک دەستەنگی دەچێژێت.

گۆران، بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٢٥ بە مامۆستایی لە قوتابخانەی هەڵەبجە دامەزراوە تا ساڵی ١٩٣٧ لە قوتابخانەکانی ناوچەکەدا ماوەتەوە، هەر لەو کاتەوە دژایەتی شاعیر کراوە، لەلایەن هەندێک لە کۆنەپەرستەکانی ئەو کات کە پێیان وابوو قوتابخانە شتێکی خراپ و زیان بەخشە، گۆران بە زیرەکی و لێهاتوویی خۆی توانیویەتی قوتابییەکان و دایک و باوک و کەسوکاریان تێبگەیەنێت کە خوێندن شتێکی باشە و بە کەڵک و پیرۆزە.

لە دوای ئەوە جێی کاری گواستۆتەوە بۆ دامودەزگای دەوڵەت و بووە بە کارگێڕی ڕێگاوبان لە شاری هەولێر، ماوەی جەنگی دووەمی گێتی بۆ ماوەیەک لە نێوان ساڵانی ١٩٤٢-١٩٤٥ لە ئێستگەی ڕادیۆی ڕۆژهەڵات لە شاری (یافا)ی فەڵەستین کاری کردووە، کە ئەم ئێستگەیە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە بۆ پڕوپاگەندە دژی ئەڵمانیای نازی دامەزرابوو. لە ڕۆژنامەی (ژین) دادەمەزرێت، دوو ساڵ لەوێ دەمێنێتەوە، بەڵام لە لایەن کەسوکاری (پیرەمێرد)ەوە لە ڕۆژنامەگەریی دەردەکرێت، چونکە گۆران لەو ماوەیەی کارکردنیدا وەک کەسێکی گۆشکراو بە بیروباوەڕی مارکسی کار دەکات.

پاشان لە ساڵی ١٩٥٤ لەگەڵ هەندێ لە هاوڕێیانی لەسەر سیاسەت لە شاری سلێمانی دەگیرێت و بڕیاری ساڵێک بەندکردنی بۆ دەردەچێت، ماوەیەک لە بەندیخانەکانی سلێمانی و کەرکوک و کوت و بەعقوبە و نوگرە سەلمان دەباتە سەر، ساڵێکیش دوای ئازاد بوونی لە (بەدرە) لە ژێر چاودێری پۆلیسدا ژیان بەسەر دەبات، پاشان لە دوانزەی ئەیلولی ١٩٥٦ ئازاد دەکرێت، پاشان ڕوو لە شاری بەغداد دەکات لە ڕێی د. مارف خەزنەدار ئاشنایەتی لەگەڵ شاعیری ناوداری عێراقی (بەدر شاکر سەییاب) پەیدا دەکات، دواتر دەگەڕێتەوە بۆ کەرکوک و لەوێ عورفی کەرکوک بڕیاری سێ ساڵ زیندانی بۆ دەردەکات.

لە ساڵی ١٩٥٨دا لە ئەنجامی سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ ی تەموز ئازاد دەکرێتەوە ئینجا دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی و ماوەیەک دواتر لەگەڵ شاندێکی میللی سەردانی

یەکێتی سۆڤیەتی جاران و چینی میللی و کۆریای دیموکراتی دەکات. لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٩دا دەبێت بە سەرپەرشتی گۆڤاری شەفەق و بە ناوی بەیان دەری دەکات، تا ساڵی ١٩٦٠ خەریکی ئەم کارە دەبێت، بەڵام بە بیانوویەک لە کار لادەبرێت. لە ساڵی ١٩٦٠دا دەبێتەوە ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی ئازادی، لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٢دا ئاگادار دەبێت کە گەدەی تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بووە، پاشان نەشتەرگەرییەک لە بەغداد و لەبەر هەڵدانەوەی شێرپەنجەکە ڕوو لە مۆسکۆ دەکات و لە نەخۆشخانەی کریملن دەکەوێتە ژێر چاودێری پزیشکی ماوەیەکی کەم پاش گەڕانەوە بۆ عێراق نەخۆشیەکەی سەر لە نوێ یەخەی دەگرێت و لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١٩٦٢/١١/١٨ ماڵئاوایی لە ژیان دەکات.

## گەشتەکانی گۆران بۆ (هەورامان و قەرەداغ)

گەشتوگوزار یەکێکە لە حاڵەتەکانی ژیانی مرۆڤی کۆن و هاوچەرخ، مرۆڤ لە هەر کوێ بێت لە ئانوساتی لەدایکبوونیەوە تا ئانوساتی مردنی هەمیشە پڕۆژەیەکی ئامادەیە بۆ گەشتکردن و لەوانەیە چەندین جار لە ژیانیدا شوێنی گوزەران و نیشتەجێبوونی بگۆڕێت، کەواتە شوێنی بۆ گەشتکردنەکە و شوێنی گەشت لێکردنەکە لەوانەیە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ببێتە سەرچاوەی ئیلهام بەخشین بە بیر و بیرکردنەوەی شاعیر، بەم شێوەیە گەشتکردن دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ لەدایکبوونی چەندین هۆنراوە، کە دەتوانین بڵێین گەشتکردن بە هەموو جۆرەکانی گەشتوگوزار، فەرمانبەرێتی، فێرکاری و زانستی و ناچاری لەبەر نەخۆشی و یان، بارودۆخی نالەباری سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەمانە هەموو دەبنە سەرچاوەی گرنگ بە لای هۆزانڤانەوە لە بیناکردنی وێنەی هۆنراوەکانیدا. لەم ڕوانگەیەوە گەشتەکەی گۆران سەرچاوەی دروستبوونی جوانترین هۆنراوەکانی ئەون.

هەروەها مرۆڤی هۆزانڤان خاوەنی هەستێکی ناسک و بیرێکی تیژە و چاوکراوەیە هەندێ ڕووداو و حاڵەتی هەستپێکراو کاری لێ دەکات، زۆرجار لە ڕێی هۆنراوەیەکەوە بەرجەستەیان دەکات، ئەگەر ئەم جۆرە گەشتانە نەبوونایە ئەو جۆرە هۆنراوە سەرنج ڕاکێشە و کاریگەرانە هەرگیز لە دایک نەدەبوون.

گۆران لە هۆنراوەی (گەشت لە هەورامان) دا کەوا لە سەرەتای ساڵانی سییەکانی

سەدەی ڕابردوودا نووسیویەتی، پاش گەشتێک بەناو ناوچە دڵ ڕفێنەکەی هەوراماندا توانیویەتی دوانزە وێنەی شیعری کە لە دە دیمەن و شەست و یەک بەیتی شیعریی پێکهاتووە بەرجەستەیان بکات کە زۆربەی هۆنراوەکانی ئەم گەشتەی وێنەی وەسفین لە مەڕ سروشتی ناوچەکە و جوانی کچان و ژنانی هەورامان.

لە هۆنراوەی (بەیان) دیمەنێکی جوانی ئاسمانی گوندەکە لە کاتی گزنگ و لە کاتی ئاوابوونی مانگ و ئەستێرەکان دا دەخاتە ڕوو:

مانگی بەجێ ماو لە سەفەری شەو
زەردە لە ترسی قاسپە قاسپی کەو!
ئەستێرەی مەغریب وەک قەترەی ئەمەل
کزکز ئەتکێتە ناو بەفری سەر کەل!
لە ڕێ ی ئەوبەری شاخ دەنگی زەنگ دێ،
لە شوێنی ڕاوکەر تەقەی تفەنگ دێ!
وا بە تەواوی دونیا ڕووناکە
هەر سیحری ڕووتە سروشت ئێستاکە
لەسەر جۆگەی ئاویش قازو مراوی
چاوی ڕۆژن هەڵبێنێ چاوی
بەڵام تا خولقی نەکا چێشتەنگاو
نایاتە ناو دێ پڕشنگی هەتاو!....

یان لە هۆنراوەی (کانی ژنان)دا، دیمەنێکی زۆر جوانی کانییەکی ژنانمان بۆ دەنەخشێنێت بە شێوەیەک کە ئەم کانییە دیوارێکی بە بەرد هەڵچنراو دەوری داوە و لەم کانییەدا ژنان هاتوچۆی بۆ دەکەن بە مەبەستی جێبەجێ کردنی پێویستیەکانیان، سەرەڕێی ئەم کانییە بۆتە جێژوان لەسەر ڕێگەی لاوانی گوندەکە بە کۆمەڵ کە ئەم دیاردەیە لە ئێواران زۆر بە ڕوونی بە دیار دەکەوێت:

سەرچاوەی ئاوێک کەڵەکێک لەسەر
ژنێک تێی ئەچێ، ژنێک دێتە دەر...

ئەمەش لە دێدا کانی ژنانە،
قیبلەی دڵداری هەرزەکارانە!
ئێواران پۆل پۆل لاوی کاکۆڵ لوول،
سەرە ڕێ ئەگرن سەر گەرم و عەجول،
هەرچەند هاڕەی دێ هەیاسەی جوانێک
لە هێلانی دەم ئەفڕێ، ئامانێک!...

ڕەنگە (گۆران)ی هۆزانڤان لە کاتی تێپەڕبوونی بەم شوێنەدا، ئەو وێنەی هاتوچۆی ژنانی بۆ ئەم کانییە بە هەل زانی بێت بۆ هۆنینەوەی هۆنراوەکەی بە شێوەیەک کە خوێنەر وێنەیەکی ڕاست و دروستی ئەو دیمەنەی دێتە پێش چاو کە لە هۆنراوەکەدا نەخشێنراوە. هۆزانڤان بەو دڵە پڕ لە هیوا و گەشبینی و شادی خوازەیەوە لە هەورامانی جوانیدا لە نێو کچە باڵا بەرز و چاو ڕەشەکانی جافدا لە خۆشی جوانی بێ هاوتا شاگەشکە دەبێت و ڕەحمەت دەبارێنێ:

گۆرانی

عەشقی ئێوارەی سەرە ڕێی کانی،
بەرئەداتە چەم کڵپەی گۆرانی!
ڕۆژ ئاوا ئەبێ، چەم تاریک دایە،
دەنگی (کنالەیل) هەر دوای نایە...
مانگ لە تریفەی ناو دێ ئەکا کەیل
هێشتا هەر گەرمە ناڵەی (کنالەیل)
((سیا چەمانە... سیا چەمانە...))
بەهەشتی عەشقە ئەم هەورامانە
ئەوەندەی دار و بەردی ئەم هەورامان،
ڕەحمەت لە ژنی بەژن و باڵا جوان!
((سیا چەمانە... سیا چەمانە...))
هەورامان جێگای سیا چەمانە!

لای گۆران سروشت و ئادەمیزادی پاک دوو دیمەنی ڕاستین، ئەو لە دیمەنێکی سروشتدا جا بەهار بێت، پایز، هاوین یان زستان ڕوویەکی جوانی موتلەق دەبینێت و لە پیشاندانێ تابلۆی هەر وەرزیکدا ئەم بینینی جوانی موتلەقەمان بۆ یەکلا دەکاتەوە.

شیعرە وەسفییەکانی گۆران لەمەڕ سروشت و ئافرەت و نیشتیمان تا هەنوکە پیەسی یەکجار زیندوون، هەروەها گۆران لە گەشتەکەیدا بۆ ناوچەی قەرەداغ بیست و یەک دیمەنی هۆنراوەیی لە ناو ١٧١ بەیتی هۆنراوەیی پێشکەش کردووە و لەم هۆنراوانەیدا زیاتر پەنا بۆ لێکچواندن دەبات. کاروانی وێنەگرتنی هۆنراوەیی گۆران لە قەرەداغ جیاوازە لە هۆنراوەکانی گەشت لە هەورامان چونکە گۆران لە هۆنراوەکانی گەشت لە قەرەداغ چاوی شیعری خۆی لە ناو شاری سلێمانیەوە وەک یەکەم خاڵی بازنەی گەشتکردنەکەی بەکاردەهێنێت و دواشوێنی گەشتەکە لە دێی سێوسێنان تەواو نابێت، بەڵکو سەردان و بینینی قۆپی قەرەداخ کە دارستانێکی چڕی بەناوبانگە و کوێستانی بەرزی داری زەرد و پەیکەری مێژوویی دەربەند گاوریشی لەسەر بوو، خۆی دەڵێت داخەکەم بۆم ڕێکنەکەوت ئەو دیمەنە جوانانەش بە چەند بەندێک بکەم بە مایەی ڕازاندنەوەی گەشتنامەکە.

گۆران سەرەتای گەشتەکەی لەناو شاری سلێمانییەوە دەست پێدەکات بە هۆنینەوەی هۆنراوەکانی لە بەیانییەکی زوودا کە لە سلێمانییەوە بەرەو قەرەداخ دەکەوێتە ڕێ هەرشتێک لە دەوروبەری ڕێگا چاوی پێکەوتبێت بە وردی و بە درێژی باسی کردووە هەرچی بینیویەتی وەک وێنەکێشێکی باش و لێهاتوو، وێنەی ئەم دیمەنانە کێشاوە.

عاسمانی شین و ئەستێرەکانی
پێدەکەنین بۆ بەری بەیانی
گلۆپەکانی سەرجادەو کۆڵان
زەرد هەڵگەڕابوون کزکز ئەسووتان
دەڕژا لە سەردا کزە بای بەیان
ئەیلەراندەوە کولەو پەردەکان

شاری پەنجەرەو دەرگا داخستو
وەک بەگ گیاندار و بێ گیان تیا نووستوو.

لەم هۆنراوەیەدا گۆران لە بارەی شەوی سلێمانی دەدوێت، خەندە و پێکەنینی بێدەنگی و شینی ئاسمان و ئەستێرەکان بۆ هەڵهاتنی ڕۆژی تێدا دەخاتە ڕوو، دواتر وێنەی گڵۆپەکانی سەر شەقامەکان لە کاتی هەڵهاتنی بەیاندا دەنەخشێنێت کە چۆن ئەو تیشکە بریقەدارانەی گڵۆپەکان بۆ ڕەنگێکی زەرد و بێ بریقە دەگۆڕن لەگەڵ تەشەنەکردنی تیشکی زێڕینی ڕۆژ کاتێک بەرەبەرە لەشکری ڕۆژ بەسەر دوا بەشەکانی لەشکری شەودا سەردەکەوێ، هەروەها باسی سەرەتای دەستپێکردنی گەشتەکەی دەکات، کە خەڵکی بێ دەنگ و بێ خەم خەوتون و وەک گیاندارێکی بێ خەم شەو بەسەر دەبەن و چاوەڕێی هاتنە دەرەوەی تیشکی ڕۆژ دەکەن.

لە دیمەنی سێیەمیشدا دوا دوو وێنەی لێکچواندن و وێنەیەکی خواستن و وێنەیەکی وەسفی لە سێ بەیتی بە دوای یەکتردا هاتوو لە بارەی شوێنی (تەکیە) ی نێوان کوێستانی (سەیوان) و ناو شاری (سلێمانی) بەم شێوەیە پێشکەش دەکات:

شینایی دەشتی تەکیە بەرەو خوار
پاراو بۆ چەشنی ئەگریجەی نازدار!
گوڵە بەڕۆژەی قژزەردی چاو کاڵ
مل کەچ وەستابوو سەرگەرمی خەیاڵ!
لەسەر قەبرەکان داری ئەرخەوان
وەک بووکی تارا سەوزی ئاو دامان.

لەم هۆنراوەیەدا گۆران وەستانی درەختی ئەرخەوان لەسەر ئەو گۆڕستانە بە وەستانی بوکێکی پۆشاک سەوز دەچوێنێ، هەروەها گوڵەبەڕۆژە و گەڵا سەوزەکانی لە ڕێی وێنەیەکی خواستنەوە بەرجەستە دەکات و ڕەنگی زەرد و قژی زەرد و چاوی کاڵ بە گوڵەبەڕۆژە دەخوازێت لەو کاتەی بە باڵا بەرزی وەستاوە و نوقمی ئەندێشەکانی خۆی بووە. گۆران لە هەژدەهەمین دیمەنی نێو ئەم وێنە شیعرییەدا وێنەیەکی شیعریی لە بارەی گواستنەوەی بووکەوە بۆ زاوا و ڕۆژی هەڵپەڕین و

سەمای بەیانیان لە ژێر خەیاڵی ئاوریشمیدا دەنەخشێنێت، گۆران دەڵێت:

بووکی ژێر تارای ڕەنگ ئەرخەوانی
شۆخ و شەنگە وەک گوڵی بەیانی!
ئێمەش (لەشکری)ین بۆ خوای دڵداری!
خاتوو زین ئەبەین بۆ مەم بە دیاری!
ئاخۆ (کیوبید) دیاری جوانی
بۆ ژیان ئەوێ یان بۆ قوربانی.

گۆران لەم هۆنراوەیەدا پەنا بۆ دامەزراندنی ناوەڕۆکی داستانی دڵداری (مەم و زین) دەبات، هەروەها پەنا بۆ ئەفسانەی دەبات و لەم بوارەدا سود لە ئەفسانەی (کیوبید)ی خواوەندی خۆشەویستی و تیر و کەوانی دڵڕفێنی دڵی کچە جوانەکانی نێو ئەفسانە گریکییەکان وەردەگرێت. دەتوانین بڵێین گۆران لە هەردوو هۆنراوەی (گەشت لە هەورامان) و (گەشت لە قەرەداغ) دا کەوا لە ساڵانی ١٩٣٠-١٩٣٥ هۆنیونیەوە، توانای شیعری خۆی خستۆتە ڕوو لە وێنەگرتنی هۆنراوەی جوان و کاریگەردا، بە ڕادەیەک خوێنەر لە (گەشت لە هەورامان)دا خۆی لە فیلمێکی سینەماییدا دەبینێتەوە، چونکە گۆران وێنەیەکی زیندووی ژیانی ئاو و درەخت و باڵندەکان و مرۆڤ وەک بڵێی بەرد و زیخی سەرە ڕێگا دێنە گۆ هەتا بە دەنگی ناڵەی ژێر پێی ئەسپ و قاترەکانیش دەگات.
ئەگەر بێتو ئێمە لە زۆربەی شیعرەکانی تری وردبینەوە و باسیان بکەین، ئەوا سەرجەم دیوانەکەی گۆران شایەدی ئەوە دەدات کە چ نوێگەرییەکی تێدایە. ڕاستییەکەی گۆران ڕێبەری نوێگەری شیعری هاوچەرخی کوردییە، شیعرەکانی ئەم بۆ سروشت و جوانی هی ئەوەن چەندین لێکۆڵینەوەیان لە بارەوە بکرێت.